**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە : ( ٣٢٥٨ ) لە ٢٠١٧/٧/٢٧**

**بڕیاری**
**ژمارە ( ١١٥ )ی ساڵی ٢٠١٧**

پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو ، و ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(٣٠) لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٧/١٩، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی دارایی وئابووری بە نووسراویان ژمارە (١٣٣٣) لە ٢٠١٧/٤/٢٠، و پشتبەست بە بڕگەی (١١) لە بەشی (٤) لە یاسای بەڕێوەبردنی دارایی و قەرزی گشتی ژمارە (٩٥)ی ساڵی ٢٠٠٤بڕیاردرا بە:

١- لێخۆشبوون لەو سزاو سوودانەی کە کەوتۆتە ئەستۆی قەرزارانی باج لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی پێشوو بە مەرجێك لە ماوەی (٩٠) نەوەد ڕۆژی کار لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان ) تەواوی باجی کەڵەکە بوو لەسەریان بدەن بە وەزارەتی دارایی وئابووری ، بەپێچەوانەوە ، لە دوای تێپەڕبوونی ماوەی دەستنیشانکراو پێویستە تەواوی باجی کەڵەکە بوو لەگەڵ سزای دواکەوتن و سوودی بە دیهاتوو بدەن بە وەزارەتی دارایی و ئابووری .

٢- وەزارەتی دارایی و ئابووری دەتوانێت ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەربکات .

٣- وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکەن .

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**